ماکرۆن بودجەی بەرگریی وڵاتەکەی بە ڕێژەی حەوت ملیار و 600 ملیۆن دۆلار زیاد دەکات

سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند، بەیاری دا لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بودجەی بەرگریی وڵاتەکەی بە ڕێژەی حەوت ملیار و 600 ملیۆن دۆلار زیاد بکات.

یەکشەممە 13ـی تەمموزی 2025، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە وتارێکیدا بە هێز چەکدارەکانی وڵاتەکەی لە لە سەروبەندی جەژنی نیشتمانی باستیلدا وتی: لە ساڵی 2026 بودجەی بەرگریی وڵاتەکەی بە ڕێژەی چوار ملیار و 100 ملیۆن دۆلار زیاد دەکات، هەروەها لە ساڵی 2027ـیش سی ملیاری دیکە زیاد دەکات.

ماکرۆن هەکاری زیادکردنی بودجەی بەرگریی وڵاتەکەی بە هەڕەشەکانی ڕووسیا، چەکی ئەتۆمی، تیرۆریست و هێرشی ئەلیکترۆنی گەڵاندووەتەوە.

سەرۆکی فەرەنسا وتیشی: ئەمە لە خاڵێکی وەرچەرخاندا دەژین. هاوکات ناوبراو ڕەخنەی لە سیاسەتی ئیمپریالیستی و زلهێزەکان گرت کە هەوڵی داگیرکاری دەدەن و جەختیش لە گەیینی ئەو بیرکەیە کردەوە.

ئاماژەشی دا، ئاشتی لە کیشوەرەکەماندا، هەرگیز ئەوەندە پێویست بە بەیارەکانی ئەستامان نەبووە. گوتیشی: فەرەنسا هووبەووی ئاینگاری زەر بووتەوە، بەڵام لەبارەی چارەنووسەکەی هەر خەی خاوەنی بەیارە.

ماکرۆن وتیشی: ئێگەر دەتەوەت ترسناک بیت، دەبەت بەهەز بیت. هاوکات هانی وەاتانی ئەورووپا دەدات بە بەرگریی نیشتمانی هەنگاو بنەن. ئاماژەشی دا، هەموومان دەبەت بە کاری خەمان هەستین، هەرچەندە لە پەشەوەین، بەڵام ئێگەر پەلە نەکەین، ئەوەی دوژمنەکانمان قەبەستمان دەکەن و بەسەرماندا زاە دەبن.